سەکۆی خەباتی کرێــکاریـــی

WSS
Worker's Struggle Stage

**چەند بابەتێکی کۆکراوە لەسەر زەمینلەرزەکەی تورکیا- سوریا**
**لە مانگی فێبریوەری وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و بڵاوکراونەتەوە**

# زەمینلەرزەکەی تورکیا – سوریا: کارەساتێک لە چاوەڕوانی ڕوودانیدا!

چۆو ئەتارد، وەرگێڕانی کامەران ئەحمەد

بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ٦ی فێبریوەری ٢٠٢٣، زەمینلەرزەیەکی وێرانکەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەژاند، زەوی هەڵتەکاند و باڵەخانەکانی کردە داروپەردویەک. زەمینلەرزەکە بە گوڕی ٧,٨ پلە و ناوەندەکەی تەنها لە ڕۆژئاوای غازی عەنتاب لە ناوچەی ئەنادۆڵی تورکیا، بە بەهێزترین زەمینلەرزە کە لە سەردەمی مۆدێرن دا وڵاتەکەی گرتبێتەوە هەژمار ئەکرێت. کە بە بەهێزیی ١٣٠ بۆمبی ئەتۆمیی، تا دووری گرینلاند هەستی پێکرا.

زەمینلەرزەی یەکەم و ئەو ١٤٥ زەمینلەرزەیەی کە بە دوایدا هاتن لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و باکوری ڕۆژئاوای سوریا وێرانکاری گەورەی لێکەوتەوە و لانیکەم تا ئێستا شەش هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە و بە دەیان هەزار کەسی تریش برینداربوون. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی وا مەزەندە ئەکات، تا ئەو کاتانەی داروپەرووەکان پاک ئەکرێنەوە، ڕەنگە ٢٠ هەزار کەس گیانیان لەدەستدابێت.

وەک هەمیشە لەگەڵ ئەم جۆرە کارەساتانەدا، ڕەنگە دەستبەجێ لە پشتییەوە هۆکاری سەرچاوەیەکی سروشتی هەبن، بەڵام ئاستی مردن و ئازارەکان مرۆڤدروستکراون. قازانجخوازی، و گەندەڵی، و شەڕی ئیمپریالیستی لە پشتی گۆڕینی ڕووداوی بومەلەرزەکەوەن، کە لەمێژە چاوەڕوان ئەکرا، بۆ ڕووداو و کارەساتێکی تەواو تراژیدیایانە. چینی کرێکار ئەبێت بانگەوازە گاڵتەجاڕییەکانی ئەوەی پێی ئەوترێت 'یەکێتی نەتەوەیی' ڕەت بکاتەوە، و لەبری ئەوە پەنجە بۆ تاوانبارانی ڕاستەقینە ڕابکێشێت،هاوکات پێویستە خۆیان ڕێکبخەن تا کۆتایی بەو شێوازە خراپ و کوشندەیەی بەڕێوەبردن بهێنن.

**"ئێمە بێ هیواین"**

زەمینلەرزەکە لە هەمانی کاتدا لە هەردوو وڵاتی تورکیا و سوریا ڕوویدا. تورکیا بەرامبەر هەڵئاوسانی ئاسمانی و داڕمانی ئاستی ژیان و چڕبوونەوەی هێرشەکان بۆ سەر مافە دیموکراسیەکانی خەڵک لەلایەن ڕژێمەوە بەرگەی گرتووە. لەم نێوەندەدا سوریا هێشتا لە هەزارەها برینی شەڕی ناوخۆ خوێنی لێئەچۆڕێت، کە پزیسکی ئاگری شەڕەکانیان لەلایەن ئیمپریالیزمەوە هەڵگیرسێنرا.

ڕۆژی دووشەممە، سۆشیال میدیا بە دیمەنەکانی وەک کۆتاییهاتنی جیهان کە خەڵک لە ماڵەکانیان هەڵدێن و لەپێناو ژیانیان ڕائەکەن، لەکاتێکدا بناغەکانی باڵەخانەکانی دەوروبەریان وەکو دار شقارتە بەسەر یەکدا ئەشکان. گرتە ڤیدیۆییەکانی داڕمانی شوقەی شەش نهۆمی لە پارێزگاکانی شانلیورفا، مەلاتیا، ئیسکەندەرون، و شارو شارۆچکە بێشومارەکانی تر بڵاوکرانەوە کە لە چرکەیەکدا دائەڕمێن، و ژمارەیەکی نادیار لە ژیان لەگەڵ خۆیان ئەبەن.

سەدان هەزار کەس لەناکاو بێ ماڵ و حاڵ بوون، لە کەشوهەوایەکی ساردو بەستەڵەکاویی ئەم زستانەدا، بە نائومێدیەوە هەوڵیان ئەدا شوێنی هاوڕێ و خزمە ونبووەکانیان بدۆزنەوە. پیاوێک لە شاری ئێلبستان، شارۆچکەیەکی نزیک ناوەندی زەمینلەرزەکە، ڤیدیۆیەکی داروپەردووی کەڵەکەبووی بڵاوکردەوە و هاوار ئەکات و دەڵێت: ئەمە شەقامی سەرەکیمان بوو. ئێمە بێ هیواین". هەروەها ژمارەیەک شوێنی کەلەپوری ڕۆشنبیری کە جێگرەوەیان نییە، وێران بوون یان زیانیان پێگەیشتووە، لەوانە قەڵا مێژووییەکەی غازی عەنتاب.

باکوری ڕۆژئاوای سوریا کە شوێنی نیشتەجێبوونی سەدان هەزار پەنابەری ئاوارە ناوخۆییەکانە، قورسایی زەمینلەرزەکەی ئەو وڵاتەی گرتە ئەستۆ. تەواوی گوندەکان بە سادەیی بوونیان نەماوە، لەنێویاندا باسینا لە پارێزگای ئیدلب، کە ئێستا وێنە ئاسمانییەکان دەریئەخەن جگە لە کۆمەڵێک پاشماوە هیچی تر نییە.

دەیان ڤیدیۆی دڵتەزێنی خەڵک هەن کە باوک و دایک و خوشک و برا و منداڵە بچووکە مردووەکانیان لە باوەشدایە، یان هاواری ئازیزە گیرخواردووەکانیان ئەکەن کە لەناو داروپەردووەکاندا خنکاون. یەکێک لەو دیمەنە ڤیدیۆیانە پیاوێک نیشان ئەدات کە هاواری کوڕە بچووکەکەی ئەکات ، هەوڵ ئەدات ئارامی بکاتەوە، و هەمان کاتدا هانی ئەدات 'شەهادەت بهێنێ': سوێندێکی ئیسلامییە کە زۆرجار لەلایەن ئەوانەی لە مردن نزیک ئەبنەوە ئەیکەن.

لە شاری حەلەب تا ئێستا هەزاران قوربانی لە شارەکەدا تۆمارکراون کە خۆی پێشتر بەهۆی شەڕی ساڵانێکەوە تیایدا وێران ببوو. زۆربەی گەڕەکەکان تەنانەت پێش کارەساتەکەی ڕۆژی دووشەممە خۆیان بە تەواوی ڕووخاو و وێرانە بوون، و زۆربەی ژێرخانە زیانلێکەوتووەکان کە بە پێوە مابوون، بەهۆی زەمینلەرزەکەوە ئەوانیش کەوتن و تەخت بوون، لەنێویاندا باڵەخانە سەرەکییەکانی وەک نەخۆشخانەکان.

ڕزگاربووان بێ ئاو و کارەبان، لە کاتێکدا تیمە فەرمی و مەدەنییەکانی فریاگوزاریی لەوپەڕی کەشوهەوای سارد و بەستەڵەکاویی و بارانبارینی بەخوڕ هەوڵ ئەدەن تا خەڵکانێکی زیاتر لە ماڵە وێرانبووەکانیان دەربهێنن. زیانەکانی شەڕی ناوخۆ و بەردەوامی شەڕی نێوان حکومەت و گروپە یاخیبووەکان تەنها ناردنی هاوکاری بۆ لێقەوماوان قورستر ئەکات، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ژێر دەستی یاخیبووان لە باکوری ڕۆژئاوای سوریا، کە چیتر ناتوانرێت لە تورکیاوە بەهۆی زیانەکانی سەر ڕێگاوبانەکان هاوکارییان پێبگات ، هەروەها حکومەتی سوریاش ئامادە نییە ڕێگە بدات تا کۆمەک و هاوکارییەکان لە باشوورەوە بگەنە ناوچە زیانلێکەوتووەکان.

**هەروا ڕووداوێکی سادە نییە**

ئاستی وێرانکاری کە بەهۆی زەمینلەرزەکەوە دروست بووە، تەنیا بەهۆی (گەورەیی نائاسایی)ەکەیەوە لێکنادرێتەوە. ئەوە ڕوونە کە کوشتاری شەڕی ناوخۆ، سوریای بە تایبەتی تووشی لاوازی کرد. بەڵام لە پرسی تورکیادا، بەشێکی سەرەکی تاوانەکە لە ئەستۆی ڕژێمدایە، لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتەکانی بیناسازیی قازانجخواز، کە هاوکارییان لە گەورەبوونی کارەساتێک کە چاوەڕێی ڕوودانی بوون، کردووە.

ئەم زەمینلەرزەیە چاوەڕوانکراو بوو. تورکیا کەوتووەتە نێوان هێڵەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ، و زۆر دەرگیری چالاکیی زەمینلەرزە ئەبێتەوە. جیۆلۆجی تورک ناجی گۆرور (Naci Görür) لە چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆدا لە تەلەفزیۆنی ئەمەریکا ئەڵێت: "هەموو زانایانی عەقڵانی جیۆلۆجی، بە منیشەوە، ئەیانگوت ئەم زەمینلەرزەیە ساڵانێک لەمەوبەر زەنگی هاتنی لێداوە". "کەس گرنگی بە گوێگرتن وبە قسانەی ئێمە نەدا"

وڵاتەکە بەدرێژایی ساڵان تووشی کۆمەڵێک زەمینلەرزەی وێرانکەر بووە، لەوانە یەکێکیان لە ساڵی ١٩٩٩ کە ناوەندێکی زەمینلەرزە لە نزیک ئیزمیت (Izmit)لە پارێزگای کۆجایلی (Kocaeli) بوو کە نزیکەی ١٨ هەزار کەسی کوشت. ئەو کارەساتە تایبەتە ڕۆشنایی خستە سەر ئەو پراکتیزە بەربڵاوەی بەڵێندەرانی بیناسازی کە ڕێساکانی سەلامەتی هاوڵاتیان پشتگوێ ئەخەن، لە ئەنجامدا بێزاری و توڕەیی گشتی بەدوادا هات و حکومەتی ناچار کرد دەست بداتە دەستگیرکردنیان.

یەکێک لەو چەتانە بەناوی ڤەلی گۆجەر ( Veli Gocer) دوای سێ هەفتە لە خۆشاردنەوەی دەستگیرکرا، دوای چاوپێکەوتنە تەلەفۆنییەکان دانی بەوەدانا کە پێوانەکانی کەمکردنەوەی تێچووەکانی وەک تێکەڵکردنی لم و کۆنکرێتی گرتووە بەر. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا ڕایگەیاند: "من بیناکار نیم، بەڵکو شاعیرم". "ئەگەر تاوانبار بم پارە ئەدەم، بەڵام هەست بە هیچ تاوانبارییەک ناکەم. من بەداخەوەم بۆیان بەڵام من بەرپرسیار نیم لە مردنەکان".

ئەم مشەخۆرە تایبەتە تەنها یەکێک بوو لە دەستەیەکی تەواو، کە سیستەمێکی بەرفراوانی گەندەڵییان لە کەرتی بیناسازی تورکیادا قۆرخ کردبوو، و بەهۆی ئەو هەزاران تەون و دەزوولەیەی کە سەرمایەدارانی کەرتی بیناسازیی بە دەوڵەتەوە ئەیبەستەوە، حکومەت لەو کاتانەدا ئامادە نەبوو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات. لەم نێوەندەدا، هەوڵە ناکارامەکانی ڕزگارکردن و فریاگوزاری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشدارییان لە قەیرانێکی سیاسیدا کرد کە بە ڕووخانی حکومەتی DSP ی بولێنت ئەجەڤیت لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆتایی هات.

دوابەدوای ئەم کارەساتە کە ئەکرا خۆی لێلابدرێت، بەڵێنی چاکسازیی درا، و ڕێسای نوێ بۆ پاراستنی بیناکان لە زەمینلەرزە داڕێژران. بەڵام ئەم ڕێوشوێنانە جارێکی تر تێکدرانەوە، نەک تەنها بەهۆی گەندەڵی، بەڵکو بەهۆی سیاسەتی هۆشیارانەی حکومەتەوە.

بەپێی وتارێکی ڕۆژنامەی تۆرۆنتۆ ستار، یاسای لێبوردنی ناوچەگەری لە ساڵی ٢٠١٨ کە لەلایەن ڕژێمی ئەردۆغانەوە دەرچوو، مۆڵەت دراوە بەو بینایانەی کە ڕەنگە پابەند نەبوون بە مەرجە یاساییەکانی بیناسازیی – لە بەرامبەر ئەو پارەیەی کە دراوە بە حکومەت. ١٣ ملیۆن پێکهاتە لە ژێر ئەم سیستەمە بەرتیلدانە فەرمییە، یاسایی کران. وەک سەرۆکی لقی ئەستەنبوڵ لە یەکێتی ژوورەکانی ئەندازیاران و تەلارسازەکانی تورکیا، پرۆفیسۆر پێلین پینار گیریتلیئۆغلو ( Pelin Pinar Giritlioğlu) ڕوونی ئەکاتەوە؛

بەو یاسایانەی کە حکومەتی ناوەندی دەریکردن، سیستەمێکی مۆڵەتدانی ئارەزوومەندانە بۆ کۆمپانیاکانی بیناسازیی دروستکرا کە ئامانجە سەرەتاییەکانی پلانی شارنشینیی شێواند. دروستکردنی پێکهاتەکان لەسەر کاغەز یاسایی بوو بەڵام پڕ لە کەموکوڕی بوون کە سووتەمەنی ڕوودانی کارەساتەکانیان دابین ئەکرد."

ئەم پرۆسەیە لە دوای هەوڵی کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ٢٠١٦ دژی ئەردۆغان بە شێوەیەکی بەرفراوان خێراتر بوو (پاشخانی کۆدەتاکە تا ئێستاش بە تاریکی و ناڕوونی ماوەتەوە)، دوای ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە باڵەخانەکانی دەوڵەت و زەوییە گشتیەکان بە تایبەت کران، و بەشێکی زۆریان بە سوپا دران، لەوانەیە بۆ کڕینی لایەنگری و دڵسۆزییان لە دژی کودەتاچییەکان بووبێت.

گیریتلیئۆغلو ڕایگەیاند: "گۆڕانکاری سیاسەت بووە هۆی دروستبوونی سیستەمێکی ناڕێکخراو و ناشەفاف". ئاماژەی بەوەشکرد کە، "کۆمپانیاکانی بیناسازیش توانیان بە ئارەزووی خۆیان بجوڵێن و هیچ پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکانەوە."

دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو کە ئەو بیناو باڵەخانانەی کە ئەبوو تەواو پارێزراو و خۆڕاگر بن ، و لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە پەسەندکرابوون (کە خۆیان ئەندامانی دەستە چەتەکان بوون)، تەواو داڕمان.

گیریتلیئۆغلو ئاماژە بەوەش ئەکات: "باشووری ڕۆژهەڵات ئێستا زیانێکی زۆری بەرکەوتووە، لەنێویاندا بینا و باڵەخانە گشتییەکانی وەک نەخۆشخانە، بنکەی پۆلیس، قوتابخانە، بینای شارەوانی، پرد و فڕۆکەخانەکان، کە هەموویان لە دوای ساڵی 2007 دروستکراون". "وە پێویستەو وا بڕیارە کە ئەم شوێنانە حاڵەتی ڕوودانی هەر کارەساتێکدا تەواو سەلامەت بن، ئەو شوێنانەن کە لە کارەساتەکاندا بۆ زیانلێکەوتووانی زەمینلەرزەکان ئەبێت فەراهەم بکرێن"

**ئەردۆغان و ڕاکێتی (هەڵکشانی)بیناسازیی**

دەستی خوێناوی ئەردۆغان لە هەموو ئەم سکاندالەدایە. بە درێژایی ڕێگای لە سەردەمی سەرۆکایەتی لە شارەوانی ئەستەنبوڵ، و تەنانەت و بەتایبەتی وەک سەرۆکوەزیرانیش، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پیشەسازی بیناسازی تورکیا پەرەپێداوە. ئەم کەرتە هێزێکی بزوێنەری سەرەکی بوو بۆ گەشەی ئابووریی بەرفراوان لە ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠١٠دا، کە لە ڕێیەوە ئەردۆغان و ئاکەپە بەشێکی زۆری دەسەڵاتی خۆیان لەسەری بنیاتنا.

تۆکیToki – ( بەڕێوەبەرایەتی نیشتەجێکردنی گشتی تورکیا)، ڕاستەوخۆ بە ئەرێنی وەڵامی ئەردۆغانی ئەدایەوە وەک سەرۆکوەزیران و لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا فراوانتر بوو. لە لێکۆڵینەوەیەکی گەندەڵیی لە ساڵی 2014دا باس لەوە ئەکرا کە حکومەت مۆڵەتی بیناسازی خێراتر ئەکات. ڕێفەت گورکایناک (Refet Gurkaynak) ئەڵێت: "شێوازی کارکردنی سیستەمەکە ئەوەیە کە ئەگەر شارەوانی ئەستەنبوڵ بڵێت ناتوانیت لە شوێنێکدا بیناسازی بکەیت، ئەنقەرە ئەتوانێت ڕەتیبکاتەوە – ئەگەر تۆ بزنسمان بیت و بچیتە دەسەڵاتی ناوەندی، ئەوا زۆر مانای هەیە" ، ئابووریناس لە زانکۆی بیلکەنت لە ئەنقەرە.

لەو کاتەدا ڕۆژنامەی فاینانشیاڵ تایمز ئاماژەی بە دوو بازرگانی پێشەنگی تورکیا (کە ناویان نەهێنراوە) دابوو، کە ئەیانوت بەرتیلدان "هەندێک جار پێویستە" تا بتوانرێت پرۆژە گەورەکانی بیناسازی بەرەو پێشەوە بچن. نووسراوەکانی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان کە دزەیان پێکرابوو بۆ ڕۆژنامەکانی تورکیا، عەلی ئاگائۆغلو( Ali Agaoglu) ، گەورە شارەزای بیناسازی (کە لەنێو ئەو کەسانەدا بوو کە بۆ لێپرسینەوە دەستگیرکرابوون) ئاماژەی بە ئەردۆغان وەک "سەرۆکی گەورە" دابوو.

بەگشتی، بە تەواوی ڕوونە کە ئەردۆغان و هاوڕێکانی هانی پشیلە قەڵەوەکانی بیناسازییان داوە تا قەڵەوتر بن، و بۆ ساڵانێک جێپێی خۆیان بۆ گرێبەستە قازانج بەخشەکان چەسپاندووە. وەک سەرۆک، یاسای دەرئەکرد تا بەملاو بەولای ڕێساکانی سەلامەتیدا بڕۆن تا لە داهاتوودا بتوانێت لە ڕووی سیاسییەوە سوود لە گەشەسەندنی ئابووریی وەربگرێت.

ئەو بینایانەی کە بەپێی ڕاسپاردە فەرمییەکان دروست ئەکرێن، تەنانەت لە کاتی زەمینلەرزە زۆر بەهێزەکانیشدا، پێویستە تارادەیەک بەرگریان لە داڕمان هەبێت. ئێستا ئەتوانرێت تێچووی مامەڵە چەقبەستووەکانی ئەردۆغان و ئاکەپە لەگەڵ گەورە قازانجخوازەکانی بیناسازیدا بە هەزاران تەرمی مردوو بژمێردرێت، کە لە ژێر شاخە کۆنکرێتییەکاندا نێژراون.

**دووڕوویی**

ئەمڕۆ ئەردۆغان باری نائاسایی بۆ ماوەی سێ مانگ لە ناوچە زیانلێکەوتووەکان ڕاگەیاند. ئەمەش دەسەڵاتی نائاسایی بە حکومەتەکەی ئەبەخشێت، ڕاستەوخۆ دوای هێنانەکایەی زنجیرەیەک یاسا کە هەوڵی قەدەغەکردنی کاریگەرانەی پارتی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی هەدەپە ئەدات لە پێش هەڵبژاردنە گشتییەکانی مانگی ئایاردا.

سەرۆک کۆمار چەند مانگێکە مانۆڕەکانی تا پشتگیری لە ئاکەپە بەهێزتر بکات دەستپێکردووە، لە کاتێکدا قەیرانێکی دڕندانەی تێچووی ژیان، لەنێویاندا ڕاگەیاندنی ژمارەیەکی نوێی خەرجییە گشتیەکان (لە وڵاتێکدا کە ڕێژەی هەڵئاوسانی فەرمی تیایدا ٦٤% زیاترە)، سەرکوتکردن لە دژی نەیارانی سیاسی، و زەبرلێدانی ڕق و کینەی شۆڤێنیانە دژ بە کەمینەی کورد و پەنابەرە سوورییەکانی تورکیا کە لە تورکیادا ئەژین.

ئەردۆغان لە ئێستاوە لە دۆخێکی لاوازدایە، و ئەوەش ئەزانێت. لەوانەیە هیوای ئەوە بخوازێت کە وەڵامێکی خێرا و یەکلاکەرەوە بقۆزرێتەوە بۆ دروستکردنی مەزاجێکی سیاسی سوودبەخشی وەک 'یەکێتی نیشتمانیی'، کە یارمەتی بدات بۆ سەقامگیرکردنی پێگەی خۆی. هەروەها هێندە گاڵتەجاڕانەیە کە بیر لە بەکارهێنانی دەسەڵاتە نوێیەکانی ڕاگەیاندنی باری فریاگوزاریی بۆ زیاتر تێکشکان و لەتکردنی دوژمنە سیاسییەکانی ئەکاتەوە.

بەڵام ئەمە هەنگاوێکی مەترسیدارانە ئەبێت. خەڵک لە ئێستاوە لەوپەڕی نیگەرانیدان. ئەگەر ئاماژەیەک بەوە هەبێت کە ئەردۆغان ئەم کارەساتە بۆ دەستکەوتی سیاسی ئەقۆزێتەوە، یان هەر بەرپرسیارێتییەکی شەخسی بکەوێتە ئەستۆی خۆی یان پارتەکەی(ئاکەپە)، ئەوا ئەم کارەساتە ئەتوانێت لێکەوتەی سیاسی قووڵتری بەدوادا بێت.

وڵاتە ئیمپریالیستییەکان بە نمایشێکی قێزەونانەی هەڵڕشتنی فرمێسکی تیمساحانە بۆ قوربانییەکان بەشداربوون ، بە تایبەت لە پەیوەند بە سوریا: وڵاتێک کە دوای ساڵانێک لە شەڕی دۆزەخیی نێوخۆ و سزاکان لەسەر دەستی هەمان ئەم تیمساحانە، بێ بەرگری لە بەرامبەر ئەم زەمینلەرزەیەدا ماوەتەوە.

لە کاتێکدا تیمەکانی فریاگوزاریی لە زۆرێک لە گەلانی ڕۆژئاوا دەستبەجێ بەرەو تورکیا ڕۆیشتن، بەڵام چیرۆکێکی زۆر جیاوازتر لە سوریامان چاو لێیە، کە بەردەوامی شەڕ و دوژمنایەتی لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد بەو مانایەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕەتیئەکەنەوە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی فەرمیدا بگرن.

کاریگەرییە ترسناکەکانی ئەم کارەساتە کە ئەکرێت بەتەواوی ڕێگرییان لێبکرێت، بەڵگەیەکی تری شێتی و دڕندەیی سەرمایەدارییە، کە تێیدا مرۆڤە ئاساییەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن فەرمانڕەوا کۆنەپەرستەکان و قازانجی بێشەرمانەی خوێنمژە بۆرژوازییەکانەوە سەرکوت ئەکرێن.

لەگەڵ هەڵچنبوونی کابووسەکان بەسەر یەکتردا، ئیتر ئەوە تەنها پرسی کاتە تا خەڵک چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن. تاکە ڕێگای دەربازبوون، زەوتکردنی سامان و موڵکی ئەو سەرمایەدارانەیە کە ژێرخانی بنەڕەتی کۆمەڵگا دائەدۆشن(وەک بزنس چاو لێئەکەن)، لەگەڵیدا توڕدانی ئەو سیاسەتمەدارانەیە کە ئاسانکاری بۆ تاوانەکانیان ئەکەن، و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستانەیە کە گونجاو بێت بۆ نیشتەجێبوون و ژیانکردنی مرۆڤ.

سەرچاوە : لە بەرگری مارکسیزمدا

# ڕاپۆرتەکان تاوانباری حکومەتی تورکیا ئاشکرا ئەکەن، تراژیدیای زەمینلەرزەکەی تورکیا و سوریا گیانلەدەستدانی ٢٥ هەزار کەسی تێپەڕاند

ئۆلاش ئاتەشچی، وەرگێڕانی کامەران ئەحمەد

لە کاتێکدا کارەساتی زەمینلەرزەکەی سنووری تورکیا و سوریا پێئەنێتە پێنجەمین ڕۆژی خۆیەوە، وا مەزەندە ئەکرێت ژمارەی کوژراوان بگاتە زیاتر لە ٢٥ هەزار کەس. تا ئێوارەی دوێنێ، کۆی گشتی گیانلەدەستدان لە تورکیا ٢٠ هەزار و ٦٦٥ کەسی تێپەڕاندووە، لەگەڵ نزیکەی ٨٠ هەزار خەڵکانی زامدار، لە کاتێکدا مردن لە سوریا گەیشتووەتە ٣ هەزار و ٥٠٠ کەس. وا دەرئەکەوێت کە دەیان هەزار کەس هێشتا لە ژێر داروپەردووە ڕووخاوەنکاندا بن لە هەردوو وڵات، و لانیکەم ٦ ملیۆن کەس بەهۆی زەمینلەرزەکەوە بێ ماڵ و حاڵ بوون.

کۆمەڵەی بیمە دژ بە کارەساتەکانی تورکیا (TCIP) ڕاگەیاند، دوای ئەو زەمینلەرزەیەی کە دە شاری تورکیای وێران کرد، زیاتر لە 30 هەزار "ڕاپۆرتی زیان"ی پێگەیشتووە. بەپێی ڕۆژنامەی دوڤارDuvar) ، (لە سوریا کە یەکەم کاروانی هاوکاری نێودەوڵەتی تەنها ڕۆژی پێنجشەممە (٩ی فێبریوەری) گەیشت، زیاتر لە ٩٠٠ باڵەخانە ڕووخاون و نزیکەی ٢٠٠٠ باڵەخانەی تریش زیانیان پێگەیشتووە،

یەکێک لە وێنە هەرە ویژدانهەژێنەکانی کارەساتی کۆمەڵایەتی ناوچەکە، گۆڕی بەکۆمەڵ بوو کە هەزاران کەسی تێدا بە خاک سپێردرا لە ئادیامان (Adıyaman)باروودۆخ لە شار و شارۆچکەکانی تریش کە بەهۆی زەمینلەرزەکەوە زیانیان پێگەیشتووە، هاوشێوەیە.

ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت، و بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا کار ئەکەن، ئاماژەیان بەوە کردووە کە هێشتا گرفت و کێشە لە پارێزگا زیانلێکەوتووەکاندا لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک کارەبا، ئاو، غازی سروشتی، شوێنی حەوانەوە و پاکوخاوێنی، زۆرن.

خۆبەخشێکی فریاگوزاری لە ناوچەی هاتای غازی عەنتاب ، کە یەکێکە لە ناوچە هەرە سەختە زیانلێکەوتووەکان، بە ماڵپەڕی سۆسیالیستی جیهانیی ڕاگەیاند، تەنها لە سێیەم ڕۆژی زەمینلەرزەکەدا ئامێرە قورسەکان دەستیان بە ئۆپەراسیۆنەکانی گەڕان و ڕزگارکردن کردووە، لە ناوچەکەدا وا دەرئەکەوێت "وەک ئەوەی بۆمبێکی ئەتۆمی فڕێدرابێتە خوارەوە". لە سەرەتادا خەڵک بۆ هەڵکەندن و لابردنی داروپەردووە ڕووخاوەکان، پیک و خاکەنازیان بەکار ئەهێنا و بەوهۆیەوە کاتژمێرە گرنگەکانی سەرەتای فریاکەوتن و بەهاناوە چوون بەفیڕۆ چوون.

هەمان ئەو خۆبەخشە ئاماژەی بەوەشکرد، تا ئێستا هیچ ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوان ئەنجام نەدراوە جگە لە هەوڵەکانی تیمەکانی گەڕان و فریاکەوتنی چەند شارەوانییەکی ئەستەنبوڵ نەبێت. تا ئێستاش هێڵەکانی تەلەفۆن و ئینتەرنێت کار ناکەن. تەنها چەند چادرێک لە دەروازەی شارەکە دانراون و تا ئێستاش زۆربەی خەڵک لەسەر شەقامەکان بە ئاگر کردنەوە شەو بەڕێ ئەکەن. بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا دەستی پێکردووە.

ئامارە فەرمییەکان دەریئەخەن کە دوێنێ تورکیا ئاستی کوژراوانی زەمینلەرزە گەورەکەی مەرمەڕەی ساڵی ١٩٩٩ی تێپەڕاند، ئەو زەمینلەرزەیە بە گوڕی ٧,٤ پلە، کە نزیکەی چارەک سەدەیەک لەمەوبەر ڕوویدا، ئەو کاتانە بەپێی ڕاپۆرتە فەرمییەکان ١٧ هەزار و ٤٨٠ کەس لە پێنج پارێزگا گیانیان لەدەستدا. بەڵام هەندێک لە ڕاپۆرتە نافەرمییەکان ژمارەی ڕاستەقینەی کوژراوانیان بە زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس خستە ڕوو.

بەڵام زەمینلەرزەکەی ساڵی ٢٠٢٣ کە ناوەندەکەی شاری کەهرامانماڕاش بوو، دوای دەیان ساڵ لە پێشکەوتنی بەرفراوان لە بواری پیشەسازی و تەکنەلۆژیای بیناسازی لە سەرانسەری جیهان، و لە تورکیا و باشترکردنی ڕێساکانی زەمینلەرزە و هۆشداری بەردەوامی زانایان ڕوویدا.

یەکێتی کۆمەڵەکانی پارێزەرانی تورکیا (TBB) سکاڵای تاوانکاری بە دژی "بەڵێندەر و بەرپرسانی ڕێگەپێدراو و بەرپرسیار دەستپێکردووە کە بەشدارییان لە دروستکردنی ئەو باڵەخانانەی کە لە زەمینلەرزەکەدا ڕووخاون، کردووە، هەروەها ئەوانەی ڕەزامەندییان لێی دەربڕیوە و نەیانتوانیوە پشکنینی تەواو بۆ پڕۆژە ڕووخاوەکانی باڵەخانەکان بکەن" هەروەها داوای کرد بە تاوانی "کوشتنی دەست ئەنقەست" و "کوشتنی کەمتەرخەمانە" لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

ئەوە ڕوونە کە ئەبێت کێ بخرێتە بەردەم دادگاو لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت. بەرپرسیارێتی ئەم تاوانە کۆمەڵایەتییە گەورەیە لە ئەستۆی حکومەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆمارە بەتایبەتی، و لە ئەستۆی تەواوی دەوڵەت و دامەزراوە سیاسییەکەدا کە نەیانتوانی ڕێوشوێنی سەلامەتی پێویست بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان بگرنەبەر.

وەڵامدانەوەی حکومەتی ئەردۆغان بۆ زەمینلەرزەکە زیاتر لەسەر ڕووماڵکردنی هەواڵی زەمینلەرزەکە چڕ بووتەوە نەک بەپەلە بە هاناوە چوونی قوربانیانی کارەساتەکە.

دوێنێ لە شاری ئادیەمان قسەی کرد و لە بەرامبەر تووڕەیی کۆمەڵایەتی و دژایەتییەکی یەکجار زۆر کە نەتوانرا پەردەپۆش بکرێن، ئەردۆغان ڕایگەیاند، "هەندێک کەموکوڕی لەم پرۆسەیەدا هەبووە، بەڵام دەوڵەتەکەمان بە هەموو تواناکانیەوە بۆ ڕزگارکردنی هاووڵاتیان پەلەی کردووە". پاشان دانی بەوەدانا کە "ئەوە ڕاستییەکە کە نەمانتوانیوە بەو ڕادەیەی کە پێمان خۆش بوو خێراتر کار بکەین، دەستوەردان بکەین" سەرەڕای ئەوەش، هێرشی توندی کردە سەر ئەو کەسانەی کە ڕەخنەیان لە وەڵامدانەوەی مایەپووچی حکومەتەکەی بۆ کارەساتی زەمینلەرزەکە گرتووە و بە "تاڵانچی سیاسی" ناوی بردن.

بە بوونی هێڵی هەژاری مانگانە بۆ خێزانێکی چوار کەسی لە نزیکی 29 هەزار لیرەی تورکی ( نزیکەی ١٥٤٠ دۆلاری ئەمریکی) و لانی کەمی کرێی 8500 لیرە (نزیکەی ٤٥٠ دۆلاری ئەمریکی)، ئەردۆغان ڕایگەیاند کە قوربانیانی زەمینلەرزەکە بۆ هەر ماڵێک تەنها 10 هەزار لیرەی تورکی (530 دۆلاری ئەمریکی) وەر ئەگرن.

ئەمەش درێژەپێدەری سیاسەتی حکومەتە. هیچ سەرچاوەیەکی بۆ ڕزگارکردنی ژیانی دەیان هەزار کەس بە دروستکردنی شارە خۆڕاگرەکانی (پارێزراو لە) بەرامبەر بومەلەرزە لەو ١٠ پارێزگایەی کە زەمینلەرزەکە تیایاندا ڕوویداوە، تەرخان نەکردووە ، یان لە ئەستەنبوڵ کە زانایان پێشبینی ئەوە ئەکەن لە ساڵانی داهاتوودا زەمینلەرزەیەک بە زیاتر لە ٧ پلە پلە تیایدا ڕووبدات. بەڵکو لە جیاتی ئەوە سەدان ملیار دۆلاری هەڵڕشتووەتە نێو بانکەکان، و پێدانی بە کۆمپانیا گەورەکان و خەرجییە سەربازییەکان.

وەک زانایان ئاماژەیان بە ڕوودانی کارەسات کردووە، تاکو ئیستا هیچ لایەنێکی دامەزراوەی سەرمایەدارییی لە دژی سیاسەتی پشتگوێخستنی فەرمی حکومەت بەرامبەر بە کارەساتی زەمینلەرزەکانی داهاتوو لە کەهرامانماراش یان ئەستەنبوڵ خەڵکی کۆنەکردووەتەوە یان کەمپەینی لە بەرامبەردا دەست پێنەکردووە.

زانای جیۆلۆجی پرۆفیسۆر دکتۆر ناچی گۆرور (Naci Görür) کە سەرنجی بۆ پەرەسەندنی مەترسی زەمینلەرزە لە ناوچەکەدا ، بەتایبەتی لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ڕاکێشاوە، داوا ئەکاتەوە ڕێوشوێنی خێرا بگیرێنەبەر، دیسانەوە ئاماژەی بە مەترسییەکانی سەر ئەستەنبوڵ دوای زەمینلەرزەکەی ڕۆژی دووشەممە کردووە. ئاماژەی بەوەشکردووە، "ئەگەری زەمینلەرزە [لە ئەستەنبوڵ] لە ماوەی ٣٠ ساڵدا، لە هەر کاتێکدا لە ساڵی ١٩٩٩ەوە، ٦٢% بووە، ئێستا ئیتر ٢٣ ساڵمان بەسەر بردووە و ئەگەری ٦٢% ەکە بۆ نزیکەی ٧٠% بەرزتر بووەتەوە. ئێستا ئیتر لە کاتە زیادەکەداین."

لە دوای زەمینلەرزەکەوە، ئەردۆغان چەندین جار بانگەشەی ئەوەی کردووە کە مەحاڵە ئامادەکاری بۆ کارەساتێکی وەها گەورە بکرێت بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی حکومەتەکەی ڕەت بکاتەوە. هەم شیکاری زانایان و هەم ڕاپۆرتی دەزگاکانی دەوڵەتی تورکیاش خۆیان ئەم ئارگیومێنتە پووچەڵ ئەکەنەوە. پرۆفیسۆر دەیڤید ئەلێکساندەر ( David Alexander) ، پسپۆڕی پلاندانان و بەڕێوەبردنی باری نائاسایی لە زانکۆی کۆلێژی لەندەن، بە بی بی سی ڕاگەیاند، "زۆرترین چڕیی ئەم زەمینلەرزەیە توندوتیژ بووە بەڵام مەرج نییە ئەوەندە بووبێت کە باڵەخانە باش دروستکراوەکان هەرەس پێبهێنێت"

پرۆفیسۆر ئەلێکساندەر ئاماژەی بەوەشکرد کە سەرەڕای باشتربوونی ڕێساکانی زەمینلەرزە لە ساڵی ۲۰۱۸دا ، بەڵام بە کردەوە گەندەڵیی هەبووە. "لە زۆربەی شوێنەکاندا ئاستی لەرینەوە(لەرزاندن) لە خوار ئاستی باڵاترین بووە، بۆیە ئەتوانین بڵێین لە نێو ئەو هەزاران باڵەخانانەی کە ڕووخاون، نزیکەی هەموویان بەرگەی هیچ ڕێسایەکی بیناسازی زەمینلەرزە ناگرن".

ڕاپۆرتەکەی بی بی سی ئاماژەی بە حکومەتی تورکیا کردووە "لێبوردنەکانی ڕێساکانی بیناسازی... بە شێوەیەکی کاریگەر لێخۆشبوونی یاسایی بە پێدانی پارە، بۆ ئەو باڵەخانانەی کە بەبێ ڕیساکانی سەلامەتی پێویست دروستکراون." پێلین پینار گیریتلئۆغلو(Pelin Pınar Giritlioğlu) ، بەرپرسی یەکێتی ژوورەکانی ئەندازیاران و تەلارسازەکانی تورکیا لە ئەستەنبوڵ لە ژووری پلاندانەرانی شار، ڕایگەیاند، "تا 75 هەزار بینا لە سەرانسەری ناوچەی زەمینلەرزە زیانلێکەوتووەکان لە باشووری تورکیا لێبوردنی ڕێساکانی بیناسازییان پێدراوە."

دوایین "لێبوردنی ڕێساکانی بیناسازی" لە ساڵی ۲۰۱۸ دا بوو.

لە ڕاپۆرتێکی مانگی جەنیوەری ۲۰۲۲ی وەزارەتی ژینگە و شارسازی و گۆڕانی کەشوهەوای تورکیادا هاتووە کە بە گشتی ۲۴۴ هەزار و ٦۰۷ بینای ناپارێزراو لە ۸۱ پارێزگا لە سەرانسەری تورکیا دەستنیشانکراون، لەو ژمارەیەش دوو هەزار و ٥۱۲ باڵەخانە لە هاتای، هەزار و ۷٦٥ لە کەهرامانماراش و هەزار و ۲۳۹ باڵەخانە لە ئادیامان بوون. لە 10 پارێزگادا، لەوانە ئەم سێ پارێزگایە، ژمارەی ئەو بینایانەی کە بە فەرمی ئەوترێن بە تەواوی ڕووخاون، نزیکەی شەش هەزار و 500 باڵەخانەیە.

لە ئیستەنبوڵ شارێکی ۱٦ ملیۆن دانیشتو، ۸٤ هەزار بینای ناپارێزراو دەستنیشان کراون. سەدان هەزار کەس کە لەم باڵەخانانەدا ژیان ئەکەن، لە چاوەڕوانییەکانی زەمینلەرزەی داهاتوو نزیک ئەبنەوە.

سەرەڕای ئەمەش، بەپێی ڕۆژنامەی بیرگوین(*BirGün*) ، لەکاتی کارەساتی زەمینلەرزەکەدا ئەنجومەنی شارەوانییەکانی ئەستەنبوڵ کە لەلایەن ئاکەپەی ئەردۆغانەوە بەڕێوەئەبرێت، کۆبوونەوە و "ناوچەی سەوز بۆ دروستکردن لە دانیشتنەکەی شوباتی ئەنجومەنی شارەوانییەکاندا کرایەوە". ئەمەش بە مانای کەمکردنەوەی زیاتری ئەو شوێنانە زۆر سنووردارکراوانەن بۆ کۆبوونەوە لە دوای زەمینلەرزەکە.

سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرایەتی کارەسات و فریاکەوتن (AFAD) کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە و هەماهەنگی کاردانەوەی زەمینلەرزە ئەکات، ئاشکرا بوو کە بە تەواوی لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتێک کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ۱۳ ملیۆن هاوڵاتی تەنها لە تورکیا ئەبێت، ئامادە نییە. ئافاد کە تەنها بە نزیکەی هەشت هەزار کارمەندی گەڕان و فریاگوزاری وەڵامی زەمینلەرزەکەی دایەوە، لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا لە ساڵی ۲۰۱۹دا پشتڕاستیکردەوە کە کارمەندی کەمی هەبووە.

بەگوێرەیT24 ، ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە "دابەشکردنی ئەرک"، و" دەسەڵاتەکان"، و "بەرپرسیارێتییەکان" لەناو دامەزراوەکەدا بەشێوەیەکی پێویست ڕوون نەکراونەتەوە"، "هێشتا یەکگرتنی پێکهاتەیی و کارایی بەتەواوەتی بەهۆی یەکگرتنی سێ دامەزراوە کە پێشتر کارا بوون، بەدی نەهاتووە " و "هەندێک لە تەکنیکارانی گەڕان و ڕزگارکردن ناتوانن ڕۆڵی چالاک لە خزمەتگوزارییەکانی گەڕان و ڕزگارکردندا بە تەواویی بگێڕن".

بودجەی ئافاد لە ساڵی ۲۰۲۳دا یەک لەسەر سێ کەمکرایەوە. وەڵامدانەوەی زەمینلەرزەکەی بە پلەی ٦ لە باکووری ڕۆژئاوای شاری دوزجە (Düzce) لە ۲۳ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲ ، پێشتر ناتەواویی دامەزراوەکە و پشتگوێخستنی تاوانکاریی حکومەتی بە ڕوونی دەرخستووە. ئافاد لە ڕاپۆرتەکەیدا سەبارەت بە زەمینلەرزەکەی دوزجەی ساڵی ۲۰۲۲ کە تێیدا کەس لە ژێر داروپەردووەکاندا گیانی لەدەستنەدا، کەموکوڕیەکانی خۆی بەم شێوەیە خستەڕوو:

دوای زەمینلەرزەکە نەتوانرا پلانی بەرپەرچدانەوەی کارەساتەکانی تورکیا ( TAMP) بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە گروپ و دامەزراوەکانی کارەسات بە شێوەیەکی پێویست ئامادە نەبوون. بەو پێیەی کە نەتوانرا TAMP جێبەجێ بکرێت، بەڕێوەبردنی کارەساتەکان گۆڕا بە ئاژاوە و سەرلێشێواویی، و سەرلێشێواوی لە ئەرک و دەسەڵاتەکاندا لێکەوتەوە. هەروەها بەهۆی نەبوونی پەیوەندییەوە نەتوانرا بڕیارەکان بە باشی بدرێن. گروپەکانی بەرپەرچدانەوەی کارەسات نەیانتوانی سەرچاوەکانیان بە شێوەی کاریگەر بەڕێوەببەن، کە لە ئەنجامدا وەڵامدانەوەی ناتەواویی لە بەرامبەر کارەساتەکە لێکەوتەوە.

ئەمەش دیسانەوە بووە هۆکاری وەڵامدانەوەی درەنگ و ناتەواو بەرامبەر دواین زەمینلەرزەکەی کەهرامانماراش لە ساڵی ۲۰۲۳، کە لە ئەنجامدا دەیان هەزار کەس گیانیان لەدەستدا و هێشتا دەیان هەزار کەسی تریش لە ژێر داروپەردووە ڕوخاوەکاندا گیریان خواردووە، کە ئەکرا و ئەتوانرا ڕێگایان لێبگیرێت.

# ئابووری سەرمایەداری و جیۆپۆلەتیکی ئیمپریالیستی لە پشت کارەساتی زەمینلەرزەکەی تورکیاوەن

ئۆلاش ئاتەشچی، وەرگێڕانی کامەران ئەحمەد

دوێنێ دوو زەمینلەرزەی بەهێز ناوچەکانی سنووری تورکیا و سوریای هەژاند. بەرەبەیانی زوو زەمینلەرزەیەک بە گوڕی ٧,٧ پلە کە ناوەندەکەی لە شاری کاهرامانماراشی باشووری تورکیا بوو،دواتر پاش نیوەڕۆ زەمینلەرزەیەکی بەهێزی بە گوڕی ٧,٦ پلە بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم زەمینلەرزانە کە تا دووری لوبنان و قوبرس هەستیان پێکراوە، تاکو ئێستا هەزاران کوژراوی بەجێهێشتووە، و دەیان هەزار کەسی تریش بە نائومێدیەوە لە چاوەڕوانی ڕزگارکردنیاندان، و لە ژێر داروپەردووی باڵەخانە ڕووخاوەنکاندان.

لە تورکیا، زەمینلەرزەکان لانیکەم شەش هەزار و 200 باڵەخانەیان وێران کردووە، و دوو هەزار و 921 کەس گیانیان لەدەستداوە و 16 هەزار کەسیش بریندار‌بوون لە 10 شار کە سەرجەم زیاتر لە 15 ملیۆن مرۆڤ تیایاندا نیشتەجێن. نەخۆشخانەکان، ڕێگاوبان و فڕۆکەخانەکان هەموویان وێران بوون یان زیانیان پێگەیشتووە، و زیانگەیاندن بە محاویلەی هێڵەکانی کارەبا و غازی سروشتی بووەتە هۆکاریی پچڕانی بەربڵاوی کارەبا و غاز.

لە سوریا کە خۆی بەهۆی شەڕی ١٢ ساڵەی هاوپەیمانی ناتۆوە لەپێناو گۆڕینی ڕژێمدا وێران بووە، ژمارەی کوژراوانی پشتڕاستکراوە لە ئێستادا ١٣٠٠ کەسی تێپەڕاندووە. شەڕی بەردەوام لەو وڵاتە ڕێگری لە گەیشتن بە تیمەکانی فریاگوزاری بۆ زۆرێک لە ناوچەکان کردووە. بەشێک لە باکوری ڕۆژئاوای سوریا لەژێر کۆنترۆڵی سوپای تورکیا و بریکارە ئیسلامییەکانیدایە، باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریاش لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە کوردە ناسیۆنالیستەکانیاندایە.

تراژیدیایانە، بەهۆی ئەوەوە کە هێشتا خەڵکانێکی زۆر لە ژێر باڵەخانە ڕووخاوەکاندا گیریان خواردووە لە هەردوو وڵاتی تورکیا و سوریا، بڕیارە ژمارەی کوژراوان بە شێوەیەکی بەرچاو زۆر بەرزببێتەوە. سەدان هەزار کەس ناچار بوون شەوانە لە پلەی یەکجار نزم یان لەو باڵەخانانە کە بەهۆی زەمینلەرزەوە زیانیان پێگەیشتووە بەسەر بەرن. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هۆشداری داوە لەوەی کە ڕەنگە ژمارەی مردووان هەشت هێندەی تر بەرزببێتەوە و بگاتە نزیکەی 30 هەزار کەس.

حکومەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا حەوت ڕۆژ ماتەمینی نیشتمانیی ڕاگەیاند، بەڵام خەڵک لە سەرانسەری ناوچە زیانلێکەوتووەکان تاڕادەیەکی زۆر بەجێئەهێڵراون بۆ ئەوەی بە تەنها ڕووبەڕووی سەختییەکان ببنەوە.

بەهۆی ئەوەی تەنها 9 هەزار کارمەندی فریاگوزاریی تورکیا کۆکراونەتەوە، تا ئێستا هیچ تیمێکی فەرمی نەگەیشتوونەتە زۆرێک لە ناوچەکان. کرێکارانی کانەکانی پارێزگا جیاوازەکان خۆبەخشانە بۆ بەشداری لە هەوڵ و تەقەلاکانی گەڕان و ڕزگارکردنی لێقەوماوان چوونەتە ناوچەکە. لە کاتێکدا حکومەتی تورکیا شانازی بە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بکوژ و مووشەکی دوور مەوداوە ئەکات کە توانای لێدانی ئەسینای هەیە، بەڵام ئەو کەسانەی هەوڵی ڕزگارکردنی هاوڕێ و خۆشەویستەکانیان ئەدەن لە ژێر داروپەردووە روخاوەکاندا، بە جێبهێڵراون بۆ ئەوەی تەنها بە پیک و خاکەناز کاربکەن.

کاردانەوەی بێبەزەیانەی ئۆلیگارشی دارایی بەرامبەر بەو کارەساتە لەلایەن بۆرسەی ئەستەنبوڵەوە زۆر کورتکرایەوە: دوای زەمینلەرزەکە، پشکەکانی کۆمپانیاکانی چیمەنتۆ تەواو بەرز بوونەوە.

ژمارەی قوربانییە بەرفراوانەکانی ئەم زەمینلەرزانە کارەساتێکە و لە توانادایە ڕێگریان لێبکرێت، و بە شێوەیەکی بەرفراوان بەر لە ڕوودانیان پێشبینی ئەکرێن. لە واقیعدا بە پلەی یەکەم کارەساتێکی سروشتی نییە، بەڵکو تاوانێکی کۆمەڵایەتییە کە سیستەمی سەرمایەداری بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆ ئەگرێت.

زەمینلەرزەکانی دوێنێی تورکیا لە دووەم ناوچەی زەمینلەرزەی جیهان ڕوویدا کە بە " پشتێنەی ئەلپاید "Alpide Belt – ئەناسرێت. ئەکەوێتە سەر هێڵە گەورەکانی بەریەککەوتنی چینەکانی زەوی، و تۆمارێکی دوور و درێژی لە کارەساتی زەمینلەرزە هەیە. بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان، بەهۆی زەمینلەرزەکەی مەرمەڕەوە لە ساڵی 1999دا لە تورکیا نزیکەی 18 هەزار کەس گیانیان لەدەستدا و دەیان هەزار کەسی تریش بریندار‌بوون.

پێشتر زاناکان هۆشدارییان دابوو کە کارەساتی ڕوودانی زەمینلەرزەکەی دوێنێ زۆر نزیک بووەتەوە و داوایان لە دەسەڵاتە گشتیەکان کردبوو باڵەخانەو بیناکان بەهێزتر بکەن، هەروەها هۆشداریشیان دابوو گەر هیچ ڕێکارێکی سەلامەتی دانیشتوان نەگرنە بەر، ئەوا تێچووی ترسناکیان لە ژیاندا چاو لێئەبێت.

دوای زەمینلەرزەکەی ئێلازغ ( Elazığ) لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٠ لە تورکیا، حوسەین ئالان( Hüseyin Alan) ، سەرۆکی ژووری ئەندازیارانی جیۆلۆجی ڕایگەیاند، جگە لە ئیستەنبوڵ، ١٨ ناوەندی شاری تر– لەنێویاندا کەهرامانماراش و هاتای( کە بەهۆی زەمینلەرزەکەی دوێنێوە زیانێکی گەورەیان بەرکەوتووە)، لەسەر "هێڵە چالاکەکانی بەریەکەکەوتنی چینەکانی زەوی، و دروستبوونی زەمینلەرزەی زۆر بە توانان". هەروەها ڕایگەیاندبوو کە لە کاتی ڕوودانی زەمینلەرزەیەکی بەهێزو گەورەدا، بیناو باڵەخانەکانی ئەوێ "تەواو وێران ئەبن."

پرۆفیسۆر دکتۆر ناجی گۆرور( Naci Görür)، یەکێک لە جیۆلۆجییە بەرێزەکانی تورکیا و داکۆکیکار لە دروستکردنی شارەکانی بەرگریی لە زەمینلەرزە، لە مێژە ئاماژەی بە بەراوردکاری نێوان ژاپۆن و تورکیا کردووە. ناوبراو نووسیویەتی: تەنیا چوار کەس بەهۆی زیانەکانی زەمینلەرزەوە لە ساڵی ٢٠٢٢ لە شاری فوکوشیما بە گوڕی ٧,٤ پلە گیانیان لەدەستدا، لە کاتێکدا نزیکەی ٢٠ هەزار کەس لە زەمینلەرزەکەی ساڵی ١٩٩٩ی مەڕمارا بە هەمان گوڕ گیانیان لەدەستداوە. ئەمەش جەخت لەوە ئەکاتەوە کە بە کردەوە لە توانادا بوو هەموو گتیانلەدستدانەکانی زەمینلەرزەکەی دوێنێ کاهرامانماراش دوور بخرێنەوە.

گۆرور ساڵانێکە سەرنجی خەڵک بۆ مەترسی زەمینلەرزە گەورەکان لەم ناوچەیەدا ڕائەکێشێت. لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا شەوی ڕابردوو دوای زەمینلەرزەکە گۆرور ڕایگەیاند، تیمەکەی پێشتر پرۆژەیەکیان ئامادە کردبوو بۆ ڕێگریکردن لەو زیانانە، بەڵام دەسەڵات پشتگوێیان خست.

گۆرور جارێکی تر هۆشداریی لە ڕوودانی زەمینلەرزەیەکی گەورە لە ئەستەنبوڵ دا. پێشبینی ئەکرێت زەمینلەرزەکە بە گوڕی ٧ لەم شارە گەورەیەدا ڕووبدات، کە لانیکەم ١٦ ملیۆن کەسی تێدا ئەژین. لە کاتێکدا هۆڵی شارەوانی ئەستەنبوڵ کە لەلایەن پارتی کۆماری گەلی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازییەوە کۆنترۆڵ کراوە، بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە ڕوودانی زەمینلەرزەکە لەوانەیە ببێتە هۆکاری "تەنها" ١٤ هەزار کوژراو، بەڵام گۆرور پێشبینی ئەوە ئەکات کە ژمارەی ڕاستەقینەی کوژراوان ئەکرێت ٤٠٠ هەزار کەس تێپەڕێنێت.

دروستکردنی خانووبەرەی پارێزراو لە زەمینلەرزە، کێشەیەکی جیهانیی گرنگە کە ئابووری سەرمایەداری سەلماندوویەتی توانای چارەسەرکردنی نییە. لە وتارێکی ساڵی ٢٠٢١ی گۆڤاری نێودەوڵەتی زانستی مەترسی کارەسات لەلایەن زانایانی چینی، ئوسترالی، ئەمریکی، کەنەدا و ئەڵمانییەوە دەرکەوتووە کە لە ساڵی ٢٠١٥دا یەک ملیار و نیو خەڵک لە ناوچەکانی سەر هێڵەکانی زەمینلەرزە ژیان ئەکەن. ئەم ژمارەیە بە خێرایی لە بەرزبوونەوەدایە بە شێوەیەکی سەرەکی لە وڵاتە لاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و ئاسیای ناوەڕاست و باشوور وەک ئەفغانستان، پاکستان، هیندستان و بەنگلادیش.

ئەمڕۆ ئاستی گەشەسەندنی زانست و پیشەسازی بەجۆرێکە کە لە توانادایە شارە پارێزراوەکانی (بەرگریکەر لە) زەمینلەرزە لە سەرانسەری جیهان دروست بکرێن. ئایا بۆچی ژێرخانی کۆمەڵایەتی بەردەوام پشتگوێ ئەخرێ و بانگەوازەکانی دیزاینکردنەوەی شارەکان و نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەو بیناکان بەجۆرێک کە بەرگەی زەمینلەرزەکان بگرن پشتگوێ ئەخرێن، یان تەنانەت بانگەوازەکانی ئامادەسازیی لە پێناو ڕزگارکردن و چارەسەرکردنی دوای زەمینلەرزەکان فەرامۆش ئەکرێن؟

زەمینلەرزەکانی دوێنێ لەو ناوچەیەی ناوەندی زەمینلەرزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویاندا کە سێ دەیەیە بووەتە شانۆی شەڕی ئیمپریالیستیانەی هێزەکانی ناتۆ بە ڕابەرایەتی ئەمریکا لە دوای لە بەریەکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەلایەن ستالینیستەکانەوە لە ساڵی ١٩٩١دا، تاکو ئێستا جەنگەکانی عێراق و ئەفغانستان و سوریا ترلیۆنەها دۆلارییان تێچوویان بووە، و بەهۆیانەوە ژیانی ملیۆنەها مرۆڤ کراونەتە قوربانی. لە سوریا بەهۆی شەڕی بە وەکالەتی ناتۆوە کە ماوەی ١٢ ساڵە بەردەوامە، زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە، و زیاتر لە ١٠ ملیۆنیش ئاوارە بوون.

زۆرێک لەو پەنابەرە سووریانەی کە لەپێناو ڕزگارکردنی گیانی خۆیان لە سوریا هەڵاتوون و ئەمڕۆش لە باشووری تورکیا لە هەژاریدا ژیان ئەکەن، دوای زەمینلەرزەکە بە تەنها لەبەردەم چارەنووسی خۆیان جێهێڵراون.دەیان دەوڵەتی ناتۆ لێدوانیان سەبارەت بە ناردنی هاوکاریی بۆ تورکیای هاوپەیمانی ناتۆ داوە، لە هەمان کاتدا تارادەیەکی زۆر چاوپۆشییان لە قوربانیانیەکانی هەمان کارەسات لە وڵاتی سوریا کردووە، کە تا ئێستاش لە ژێر سایەی ڕژێمێکی پەککەوتەی ژێر سزاکانی ئەمریکا ماوەتەوە و دانیشتووانەکەی لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە پزیشکی و سەرچاوەکانی تر، نەک تەنها بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتی زەمینلەرزەکەی ئێستا بەڵکو بۆ بەردەوامبوونی لە ژیانی مەمرەو مەژی ڕۆژانەیان کە پێویستان پێیەتی، بێبەری کراون.

لە واقیعدا سەرکردەکانی حکومەتە ئیمپریالیستەکان کە بە دووڕووییەوە پرسە و سەرەخۆشی لە قوربانیانی زەمینلەرزەکە ئەکەن، بە پلەی یەکەم بەرپرسیارن لە شەڕی سوریا و بەفیڕۆدانی کارەساتبارانەی سامانی کۆمەڵایەتی لەپێناو شەڕ، نەک لەپێناو تەندروستی و سەلامەتی گشتی کۆمەڵگا.

هەموو پرسە کۆمەڵایەتییە جەوهەرییەکانی ئەمڕۆ، لەوانەش ڕێگریکردن لە کارەساتی سروشتی، بە سروشت کێشەی جیهانین کە پێویستیان بە چارەسەرێکی هاوئاهەنگانەی کۆمەڵایەتی هەیە. هێشتا بەرژەوەندی قازانجی تایبەتی بۆرژوازی و دابەشبوونی جیهان بەسەر دەوڵەتە نەتەوەییە ڕکابەرەکاندا، لە بەردەم هەر وەڵامێکی پێشکەوتنخوازانەدا ئەبنە ڕێگر. هەر لەبەر هۆکارەیە تا ئێستاش هیچ وەڵامێکی زانستییان لە سەرانسەری جیهان بۆ پەتای کۆڤید-١٩ یان بۆ گۆڕانی کەشوهەوای جیهان پێنەبووە.

بەڵکو زلهێزە ئیمپریالیستەکان، کە سیاسەتە تاوانکارییەکانیان لە بارەی پەتای کۆڤید ١٩ بووە هۆکاری گیانلەدەستدانی زیاتر لە ٢١ ملیۆن کەس لە جیهاندا، ئێستا بە پەرەپێدانی شەڕی خۆیان دژی ڕووسیا لە ئۆکرانیا هەڕەشە لە هەموو مرۆڤایەتی بە جەنگی جیهانی سێیەم ئەکەن.

بەربەستەکانی بەردەم وەڵامدانەوەی (پلان بۆ داڕێژراو و عەقڵانییانە)ی کێشە کۆمەڵایەتییە بە پەلەو هەنووکەییەکان تەنیا بە هێرشێکی بەرەیی لەلایەن چینی کرێکاری نێودەوڵەتییەوە بۆ سەر دەسەڵات و سەروەت و سامانی چینی دەسەڵاتدارەکان لە توانادایە لاببرێن، لەم ڕێگایەوە قازانجی تایبەت بخاتە ژێر گرنگی وەڵامدانەوەی پێداویستی کۆمەڵایەتییەکان. وێرانکارییەکانی زەمینلەرزەکانی دوێنێ کە لە توانادان ڕێگرییان لێبکرێت، جارێکی تر پێویستی بەپەلەی گۆڕینی سەرمایەداری بە سۆسیالیزمی جیهانیی نیشاندایەوە.